# مادەی(36) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق

ن/موحمەدگەلاڵەیی

زانکۆی سەلاحەددین_بەشی مێژووی کورد

mohammad_galalaye@yahoo.co.uk

ئەو دەستوورە پێشنیاز کراوەی عێراق کە بەرەنجو شانیولەناوچونی سەدان رۆڵەی ئەم وولاتە بە هەموو چینوتوێژەکانیەوە نوسراوەتەوە بەتایبەتیش گەلی کورد لە کوردستانی باشوردا،ئێستاش خراوەتە بەردەم گەلانی عێراق،بۆ ئەوەی راپرسی لەسەر بکرێتو لەهەمانکاتیشدا پێویستە ئەو دەستورە روون کردنەوەی لەسەر بکرێت بۆ هەموو گەلانی عێراق وەبەتایبەتیش بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وە مادە بە مادەو بڕگەبە بڕگە بە لایەنە پۆزەتیفو نێگەتیفەکانی یەکیش لەو مادانە مادەی (36 (دەستوری هەمیشەی عێراقە،کە لەسێ بڕگە پێك دێت کە دوو لەو برگانە تایبەتە بەمەسەلەی مادەی ڕا دەربرینی ئازادانە بە هەموو شێوەکانیەوە کە لەسەرەتادەڵێت ئەم خالآنەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆبەمەرجێك نەبێتە هۆی تێکچونی یاساو ئادابی گشتی،وە مادەی یەکەم دەڵێت"ئازادی رادەربرین بەهەموو شێوەکانیەوە" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو تاکێکی عێراقی ئازادە لە دەربرینی هەر بیروباوەرێکی هەمەچەشنی سیاسیو ئاینیونەتەوایەتیولەهەمان کاتیشدا بەهەر ئاورازێکی بینراووبیستراو زارەکی یش بێت کە بەو مەرجەی نەبێتە هۆی تێك چوونی باری یاساوئادابی گشتی ئەمەش لە رۆژهەلآتی ناوەراستدا زۆر دەگمەنە،کە بەشێوەیەکی وا ئازادی ڕادەربرین هەبێت، نموونەشمان زۆرە لەو بارەیەوە نەبوونی ئازادی رابرین لە سەرتاسەری عێراق لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا بەهۆی رژێمە سەرکوت کەرەکانی ئەوسا کە بۆ هیچ کەسێك نەبووە کە ووشەیەك بڵێت کە تعبیر لەمافەکانی خۆی بکات،بەشێوەیەکی نیمچە ئازادانەش بێت ،کە دەسەلمێنێت کەسانی ئازادیخوازو رۆشنبیروکەسایەتی ناودارو سیاسی لە سەر رادەربڕ ینیان کوژراون لەسەردەمە جیا جیاکانی هەشتای ساڵی رابردوو کەتەنیاش لە رادەربرینیان بووە وە بڕگەی دوومی مادەکە دەڵێت"ئازادی رۆژنامەگەریوچاپکردنوئاگاداریوراگەیاندنوبلآوکردنەوە" گەر بەخێرایەکی باش سەیری دەستورەکانی پێشووهەندێك لە دەوڵەتانی دونیابکەین دەبینین ئەو جۆرە مادانە هەر تێدا نیەوە بۆنموونە وولآتێکی وەکو تورکیاوەربگرین کە بەوولآتێکی دیموکراتی ناو دەبرێت یاسایەکی ژمارە 3984 پاراگرافی 4 لە قانونی راگەیاندنی تورکیا کە دەبێژێت"هەموو دەزگایەکی راگەیاندن وەك تەلەفزیۆنو رادیۆ دەبیٚ بە زمانی تورکی بن" کە دەردەخات ئازادی راگەیاندن وڕا دەربرین تەنیا دەبیٚ بە تورکی بێت نابێت بە هیچ زمانێکی تر بیٚ کە وادەکات خەڵك وزمانی راگەیاندن هەمووی بە تورکزمان بن دەستەلآتی چوارەمی رۆژنامەگەری بۆ خۆی قۆرخ دەکات لەهەمان کاتیشدا دەبینین کە چەندان نەتەوەیی وەکو کوردو ئەرمەن..هتد، کە ئەم مادەیە بەراوردی بکەین بە و قانوونەی تورکیەوە نەی ووتووە دەبێت را دەربرین و رۆژنامەگەری تەنیا بە زمانی عەرەبیلە عێراق بێت، بەڵکو بەزمانی هەموو کەسێك بێت کە سەر بەهەر نەتەوەیەكو ئاینو مەزهەبێکەوە بێت، لەلایەکی ترەوە تەماشای مێژووی رۆژنامەگەری بکەین لەم وولآتەی خۆماندا،بەو شێوەیە ئازادی نەبووە بەڵگەش ئەوەیە کە ئائێستا رۆژنامەی ئازادی

تەواو لە عێراق نیە، کە بەدەردەکەوێت نەبوون و دەستەبەر نەکردنی ئازادی رۆژنامەگەری لە دەستورەکانی پێشوتری عێراق و کاریگەری دەستەلاٌتە زلەکانی دەسەلمێنێت کە نەبووە کە هەش بووبێت پەیرەوی لێ نەکراوە لەهەمان کاتیشدا نەبوونی چاپەمەنی هەمە جۆری رۆژنامەی وکتێب وگۆڤار...هتد وە هیچ نەتەوە و کەسێك بۆی نەبوو بە شێوەیەکی ئاوا رای خۆی دەربەبرێت بە هەموو شێوەکانیەوە کە تەنیا باس لە کەمتریتن مافەکانی خۆی بکات وەهەر رۆژنامەکیش مۆلەتیش هەبوایە نەبادا دەرچووبایە لە کۆت وبەندەکانی رژێمە کانی عێراقی پێشوو وە رۆژنامەی کوردی یەکێکە لەو رۆژنامانەی عیراق کە هیچ ئازادیەکی رۆژنامەی پێنەدرابوو کە رۆژنامەی کوردیش چەوساو بووە بە هاوتەریبی لەگەلٌ چەوسانەوەی گەلەکەیدا، کەلەناوەرۆکەکیدا ووشەی کورد لەناو دەچوو وەلەهەمان کاتیشدا سانسۆرێکی توندی لەسەربووە، گەر دەرچووبایە لە و یاسا ئەوان دایانبوو لەسەر رۆژنامەکان ئەوا راستەوخۆ دایان دەخست یاخود نوسەرکانی دەهاتنە تیرۆرکردن ئەمەش وای کردووە بەدرێژایی ئەو سەردەمەی کە رۆژنامەی کوردی تێدا گەشەی کردووە زۆر سەخت بوو لەهەمان کاتیشدا ئەمە زۆرکاریگەر بووە بەسەر رۆژنامەگەری کوردی وە پاشکەوتنی رۆژنامەو چاپەمەنی کوردی کەلێرە هیوادارم ئازادیەکی تەواوتر دەستەبەربکرێت بۆ هەموو رۆژنامەکانی عێراق بێ جیاوازی نەتەوایەتی و ئاینی وسیاسی وکۆمەلاٌیەتی و ئایدۆلۆژیا هەمە چەشن..هتد کە کورد لەم ناوەدا زۆر ئازاری رۆژنامەی و چاپەمەنی بەهەموو شێوەکانیەوە چێشتووە.

ئەم بابەتە بۆ رۆژنامەی ئەلیکترۆنی" دەنگەکان "نوسیوە

کوردستانی باشوور_شاری سۆران

رۆژی چوارشەمە_2005/10/5